www.kurdistannet.org
5-2-2006 13:19بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# چوار شەو لە بەهەشتی خەونێکدا! ... خاڵەحەمە

منی زەدەی خەم و ئازار
چوار شەو لەگەل فریشتەی خەو
فریشتەی شەو
فریشتەی عەشق و رووناکی
لەبەهەشتی پڕ لەسۆزی خواوەندا بووم
دۆشداماوو سەر سوڕمابووم
لەیاساکان تەوەلا بووم
نەیارەکان هەرچی بلێن منیش وابووم..
ئەو شەوانە
هەرچی گەڵاو
هەرچی گوڵ و سەوزی هەیە
فەرشی ڕێگەو
فەرشی جێگەی هەردوکمان بوو
جێگەی ژووانمان پڕ بوو لە عەشق
ماڵەکەشمان پڕ لە خۆزگەو
پڕ لە چرپەو
لە ئۆخژنی ماچەکانی لێوو سینە
دوور لە (کینە)..
ئەو بەهەشتە
پڕ بوو لە بۆنی بەیبون و
بۆنی خوایی
بۆنی هەناسەی دارسێوو
قژو پەرچەم
ئەگریجەو دەم..
بۆنێ خۆشتر لە بۆنی (شەم)..
ئای لەوشەوانە
چەند مەست بووین
ئاسمانی ژوور سەری خۆمان
رائەتەکان
پڕ بەگەردوون ئەمانقیژان
وەرنە سەیری
دوو عاشقی مەستی خواکار
مەستی دیدار
دوو ئەستێرەی قووبەی شینی پیرۆزەیی
دوو رۆحی پاکتر

لەیەكتر
دوو رۆحی جوانتر
لەشەوبۆو ئەشكی سروشت
لەو عاشقەی دوێنێ خۆی كوشت!!
ئای لەو شەوانە پڕ خەمە
تەمەن كورتەی لێمان گوزەشت
غەزەلخوانی (من و ئەو) بوون
قورگیان پر بوو
لە گۆرانی
چاویان پڕ بوو
لە فرمێسكی جاوێدانی
لە ژووسەری ژووانمانەوە
بە ئاهەنگی
چەندان ساڵەی رابوردومدا ئەچونەوە
لە ماچی ئێمەو ناڵەی رۆح
تێكەڵ بوونی هەناسەمان
شیعری خۆمیان ئەهۆنیەوە..
ئای لەو شەوانە چەند ترسام
یەكەم (شادە) و
دوا (شادە) ش بێت!!
ئاخ و ماچ و خۆزگەكانمان
ژمارەكات
تەنها جارێك، دالدەمان بات
بڕوات..بڕوات...

خاڵە حەمە/سوید 2006/1/21

تێبینی
—
1) (شادە) (شاهید)